# ئەگەر کوڕی چاڕلس نەبوویتایە!

**هاوڕێ باخەوان**

ئەمڕۆ، ٢٩ی ئاپریل، زۆرتر لە دوو ملیار کەس، خەریکی بینی زەماوەندی شاهانەی ولیام و کاسرین بوون! منیش یەکێك بووم لەو دوو ملیار کەسە و بە رووداوێکی زۆر ناوازەم زانی! ناوازەییەکەی نەك لەبەر رۆزرایزەکەی ولیام و رازاندنەوەی کڵێسە و ئەسپ و گالیسکە شاهانەییەکانی ئەلیزابێتی داپیرەی! بەڵکو لەبەر زۆر شتی سەیر و سەمەرەی تری..

زەماوەندەکە وەك دەڵێن دەیان ملیۆن دۆلاری تێچووە، ئەمە دیارە بێجگە لەو دەیان ملیۆن دۆلارەی تری ئەو هەموو سەرۆك و شا و شازادانەی تری جیهان کە شەرەفی بەشداریکردنی ئەو زەماوەندەیان پێبڕابوو و بەهۆیەوە کام جل و شەپقەیەی گرانبوو لەبەریاندابوو و زۆر خەرجیی تر کە من و تۆ لەوانەیە بە خەوییش نەك هەر بۆی بچیین! بەڵکو پەییشی پێببەین!

بەدەم سەیرکردنی زەماوەندەکەوە بەخۆمم دەگووت: ئەگەر کوڕی چاڕلس نەبوویتایە لەوانە بوو زەماوەندەکەت وەك من و ملیارانی تری وەك من لە ئاسایی، ئاساییتر بووایە! لەوانەبوو وەك ئەو ملیۆنانەی تر لەبەر بێپارەیی هەر ژنیشت بۆ نەهاتایە و کەیتی شازادەش وەك ملیۆنان قەیرەکچی تر، پرچی سپیی بهۆنایەتەوە! نەك فڕۆکەوانی و ئەو هەموو سامانەی کە پێش لە دایکبوونت بۆت دابین بووە! لەوانە بوو ئەگەر کوڕی چاڕلس نەبوویتایە، یان فەرمانبەرێکی ئاسایی، یان کەسێکی ئالوودەی هیرۆیین و شەوان لە وێزگەی لیڤەرپوڵ رۆژت بکردایەتەوە.. یانیش یەکێك بوویتایە لەو سەدان هەزار گەنجە بێکارەی بەریتانیا و خەمی نانی بەیانیت بخواردایە!

نەك تۆ! باوکیشت ئەگەر کوڕی ئەلیزابێت نەبووایە! لەوانە بوو ئێستا داماوێکی خانەنشینی پەککەوتە بووایە! یان نەخۆش و کەلەلای نەخۆشخانان و خانەی پیرانی بەریتانیا بووایە!

ولیام و چاڕلس، لە هەموو شوێنێك هەن! لە ئێراق کاتی خۆی عودەیی و قوسەی بوون! بەڵام لە باشووری کوردستان بە دەیانن! ئەگەر کەمم نەگوتبێت!

ولیەمەکانی ئێمە، بێ ئەوەی حەرفێك لە مێشکیاندابێت! ملیۆنەرن، خاوەن دەستەڵاتن، بوونەتە زیرەك! فەرمانداری هەموو وڵاتن! یاسا دەردەکەن! یاسا نایانگرێتەوە! دادگایان بەخەویش نەدیوە! خەمی نان و گەرما و سەرمایان نییە! ولیەمەکانی لای ئێمەش، هەر لەبەرئەوەیە کە کوڕی چاڕلسن و چاڕلسەکانیشمان بەهۆی ئەلیزابێسەوەیە! ئەگەر چاڕلسەکانی کوردستان نەبوونایە، ئەوا ولیەمەکانیشمان پاش تەواوکردنی زانکۆ، بێکارەبوون و خەمی نانیان دەبوو! ژنهێنان و شووکردن ئەوە هەر باسی ناکەم.. ئەگەر ئەلیزابێسەکانی کوردستان نەبوونایە! لەوانە بوو چاڕلسەکان یان شوان بوونایە یانیش باخەوان!

٢٠-٠٤-٢٠١١
رۆژی زەماوەندی شاهانەی ولیام و کەیت
لاهای - هۆڵندا